# چۆن بەربەستە یاساییەکان کاریگەری لەسەر دەستکەوتنی کار دروست دەکەن لەلایەن پەنابەرە عێراقییەکان لە هۆڵندا لە ساڵی ٢٠١٦

## پلانی توێژینەوەیەکی بەرایی

ئەم کورتەیە بریتیە لە توێژینەوەیەکی بەرایی وەک کەیسی تایبەت کە بۆ زانکۆی لایدن، ئامادەم کرد و لە رۆژی ٢٣ ی حوزەیرانی ٢٠١٦ پێشکەشم کرد.

"پێویستە لایەنگری بکەین، بێلایەنیی هەمیشە هاوکاری سەرکوتکەرەکان دەکات نەك قوربانییەکان. بێدەنگیی هەمیشە هانی ئەشکەنجەدەر دەدات نەك ئەشکەنجەدراو."

ئێلی وایسڵ (کۆمەڵگای مافەکانی مرۆڤ، ٢٠١٦)

### پێشەکی

من ناوم کەڤین سلێمانە (ناسراوە بە کەڤین بەگیخانی) و لە ١ کانوونی دووەمی ١٩٩٥ لە کۆیە، شارێك لە هەرێمی کوردستان لەدایك بووم. ئەوکاتەی حکومەتی بەعس لەلایەن سەدام حسێنەوە سەرۆکایەتیی عێڕاقی دەکرد. سەدام حوسێن بکەر و دارێژەری ئۆپێرانسیۆنی ئەنفال بوو کە بریتی بوو لە جینۆساید، واتە لەناوبردنی سیستەماتیکیی کورد لە عێراق، لەم ئۆپێراسیۆنەدا و زیاد لە ١٨٠٠٠٠ خەڵکی مەدەنی بوونە قوربانی. ئەوەی لەپاش ئەوە ڕویدا بوو بە بەشێك لە مێژووی جینۆساید.

زۆرێك لە ئەندامانی خێزانەکەم لە ماوەی جینۆسایدی ئەنفال گیانیان لەدەستدا، هەرچەندە ئەمە هیچ جیاواز نیە، چونکە هیچ خێزانێکی کوردی نیە کە برینێکی قووڵی لەدەستدانێکی تراژیدی نەبێت. لە ساڵی ١٩٩٧دا خێزانەکەم، داپیرەم و خۆشم لەڕێگەی تورکیاوە هەڵاتین، ئێمە و هەزاران کەسی دیکە ماوەی حەوت ڕۆژ و شەومان لەناو چەندین شاخی ترسناك و سەختدا بەڕێکرد.

کاتێك گەشتینە هۆڵندا، لەلایەن هاوڵاتیانی هۆڵەندییەوە زۆر بە گەرمی پێشوازیمان لێ کرا. دوای مانەوەمان بۆ ماوەی ساڵێك لە سەنتەرێکی پەنابەراندا لە دۆکیوم، ئێمەیان بۆ میوانخانەیەك لە ئامێلاند گواستەوە، لەوێ سێ ساڵ ماینەوە. خەڵکە دڵسۆزەکەی دورگەکە یارمەتیەکی زۆر لەوە زیاتریان داین کە ئاواتمان پێ دەخواست .

ئەم پێشوازییە گەرم و ژینگە یاریدەدەرە هێزی ئەوەی پێ بەخشین تێکەڵی کۆمەڵگەی هۆڵەندی ببین و زمانە سەختەکەی فێربین وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ کارکردن بۆ داهاتویەکی پڕبەرهەم لەو وڵاتەی ماڵێك و پەناگەیەکی نوێیان بۆ دابین کردبووین .

ئەو مێژووە تراژیدییەی خۆم و خێزانەکەم تا ڕادەیەك تۆوێکی لە مندا چاند، حەزێکی نەبڕاوەی سەبارەت داکۆکیکردن لە دادپەروەری و مرۆڤدۆستی لە جیهاندا بۆ دروست کردم، تا لە خەمی ئەوانە کەم بکەمەوە کە زۆر پێویستیان بە یارمەتیدانە.

لێرەدا پەیوەندیی ئەم کەیسە ئەوەیە کە من ئەم بابەتەم هەڵبژارد تا لێکۆڵینەوەیەك ئامادە بکەم و تێیدا باس لەو بەربەستە یاساییانە بکەم کە تووشی پەنابەرە عێراقیەکان دەبنەوە لە هۆڵەندا کاتێك بەدوای کاردا دەگەڕێن. کاتی توێژینەوەکە بریتیە لەساڵی ٢٠١٦.

جگە لەمە، ڕاستییەکی دیکە هەیە کە پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە وەك پەنابەرێکی کوردی عێراقی؛ من هەست بە پێویستیی باسکردنی ئەم کێشەیە دەکەم، چونکە ئەزموونی ئاوارەییم کردووە لە ژینگەکەی خۆمدا. ئەو بەربەستە یاساییانە دەشێت بەربەستی دیکە دروست بکەن لەکاتی گەڕانی تاکەکان بەدوای کاردا و بە ئامانجی ئەوەی خۆیان بنیات بنێن و سەربەخۆ بن و داهاتوو دروست بکەن.

جگە لەمە، لوەک خوێندکارێک لە توێژینەوەیەك بۆ ناوەندی پەنابەرە بەهرەدارەکان لە ئەمستەردامدا بەشداریم کردووە. هەروەها دەمەوێت لە شێوازی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ بەشداریکردن لە توێژینەوەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە ئاڵۆزە سود وەربگرم. ئەمەش وەك هەوڵدانێك بۆ هاوکاریکردنی ئەو پەنابەرانەی لە هیواکانیان بۆ داهاتویوکی باشتر داماڵراون، هەندێکجار بەهۆی ئەو کۆسپانەی لەداواکردنی چەند کەرەستەیەکی یاسایی ناپێویستەوە دێتە بەردەمیان.

جگە لە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی تایبەتیی خۆم و توێژینەوەی مەیدانی، بۆ ئەم توێژینەوەیە، سوودم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە.

# Bibliography

Businessballs. (2016). maslow's hierarchy of needs. Retrieved June 11, 2016, from Businessballs: http://www.businessballs.com/maslow.htm

Defense Imagery. (2016). Iraqi Refugees. Retrieved June 11, 2016, from Defense Imagery: http://www.defenseimagery.mil;

Healy, H. (2016). Fight for the Heart of Europe . The Internationalist , 12-17. Retrieved June 6, 2016, from: http://web.a.ebscohost.com.ezproxy.hhs.nl/ehost/detail/detail?sid=e65a035f-c01e-459c-ad56 267f39112ea6%40sessionmgr4002&vid=7&hid=4109&bdata=JnNpdGU9ZWhvc3QtbGl2ZQ%3d%3d#AN=111925920&db=aph

Human Rights Society. (2016). Genocide. Retrieved June 12, 2016, from Human Rights Society: https://humanrightssociety.org/issues/genocide/

IND. (2016). Organization. Retrieved June `11, 2016, from IND: https://ind.nl/EN/organisation/Pages/default.aspx

Justitia-Int. (2014). Significant legal Security Challenges - Draft law on Amending the Law on passports, etc. Retrieved June 6, 2016, from Justitia-Int: http://justitia-int.org/en/significant-legal-security-challengesdraft-law-on-amending-the-law-on-passports-etc/#prettyPhoto

Lucifer Effect. (2016). Lucifer Effect. Retrieved June 11, 2016, from Lucifer Effect: http://www.lucifereffect.com/

McLeod, S. (2014). Maslow's Hierarchy of Needs. Retrieved June 6, 2016, from SimplyPsychology: http://www.simplypsychology.org/maslow.html

Philip Zimbardo . (2007). The Lucifer Effect . New York : Brockman .

Pravoslavie. (2015). OVER 3 MILLION IRAQIS HAVE BECOME REFUGEES SINCE JANUARY 2014. Retrieved June 11, 2016, from Pravoslavie: http://www.pravoslavie.ru/english/80300.htm

VluchtelingenWerk. (2016). Hulp bij het vinden van werk. Retrieved June 11, 2016, from VluchtelingenWerk: http://www.vluchtelingenwerk.nl/wat-wij-doen/werk-voor-vluchtelingen

VluchtelingenWerk. (2016, 2016). Irak: Situatie nog steeds onveilig. Retrieved June `11, 2016, from VluchtelingenWerk: http://www.vluchtelingenwerk.nl/feiten-cijfers/landen-van-herkomst/irak

تێبینیی خێزان: ئەمە توێژینەوەیەکی بەراییە و ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لێرە دانەنراوە و ئەمەش دیارە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خواستی کەڤین بووە.